محمد صلى الله عليه وسلم

له دڵماندا

ئامادەکردنی

سەروەر وەیسی کەریم

پێداچوونەوەی

م. خدر خەتی

چاپی دووەم ٢٠١٨

Scanned by CamScanner

www.iqra.ahlamontada.com

محمد صلى الله عليه وسلم له دلماندا

Scanned by CamScanner

محمد ﷺ لە دڵماندا

بابەت: ئایینی

ئامادەکردنی : سەروەر وەیسی کریم

پێداچونەوەی : م/ خدر خەتی

تایپ و دیزاین : محمد حسین خەتی

بەرگ: قەهار بلباس

چاپ: دووەم- ٢٠١٨

Scanned by CamScanner

محمد ﷺ له دلماندا

ئامادەکردنی

سەروەر وەیس کریم

پێداچونەوەی

م. خدر خەتی

چاپی دووەم - ٢٠١٨

Scanned by CamScanner

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

(وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ)

(الأنبياء: ١٠٧)

(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ، وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا)

(الأحزاب: ٤٥-٤٦)

Scanned by CamScanner

ناوەڕۆک

لاپەڕە	سەرەباس
٥	ناوەڕۆک
٧	پێشەکی
٨	فەزڵ و گەورەیی ناوە هەرە جوانەکانی خوا
٩	ناوە هەرە جوانەکانی خوا
١٥	کورتە نامەیەك لە ژیانی سەروەرو پێشەوامان موحەممەد ﷺ
٢٨	باوەڕهێنان بە پێغەمبەر ﷺ و پاداشتی خۆشویستنی
٣٠	سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ
٣٤	گوڵزاری فەرموودە
٤٢	تروسکەیەك لە وتەکانی پێغەمبەر
٤٣	لەبارەی موحەممەدەوە ﷺ ناودارانی جیهان چی دەڵێن
٤٧	ناوی ئیمامە سەرمەزهەبەکان
٤٨	سەرچاوەکان

Scanned by CamScanner

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

پێشەکی :

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان ئەم نامیلکە ژیاننامەی پێغەمبەرە (ﷺ) بە کورتی و پوختی لە ئامادەکردنی برای بەڕێزم کاك (سەروەر وەیسی) شتێکی چاکە و باشە ، سەرەتاییەکە بۆ زیاتر خوێندنەوەی ژیانی سەروەرمان بە درێژی ، خوای گەورە پاداشتی بەخێری بداتەوە ، وە ئەرکی پێداچوونەوە خرایە ئەستوی بەندە ، ئێمەش بە روخسەتی نوسەر هەندێ شتمان بۆ زیاد و کەم کرد ، هەروەها ناوە هەرە جوانەکانی خوای گەورەمان بۆ زیاد کرد ، لەگەڵ هەندێ ئایەت و فەرموودە، چونکە پێشتر تەنها مانای فەرموودەی تێدا نوسرابوو، ئێمە دەقەی فەرموودەکانیشمان بۆ زیاد کرد، داواکارم خوا گەورە ئەم کارە لە هەمووما قەبوڵ بکات ، بەتایبەتیش ئەوەی ئەرکی چاپکردنەوەی خستە ئەستۆی خۆی (رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا ۖ إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (البقرة: ١٢٧)

٣/ ربیع الاول / ١٤٤٠

خدر خەتی

Scanned by CamScanner

فەزڵ و گەورەیی ناوە هەرە جوانەکانی خوا

خـوای گـەورە فەرموویـەتی : (وَلِلَّـهِ الْأَسْـمَاءُ الْحُسْـنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا) (الأعراف: ١٨٠)

واتە: هەر بۆ خوایە جوانترین و چاکترینی ناوەکان جا ئێـوەش بـەو ناوانـە بـانگ و هـاواری لـێ بکـەن و لێـی بپارێنەوە

وە پێغەمبەر فەرموویەتی :

(إِنَّ لِلَّـهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْـمًا مِائَـةً إِلَّا وَاحِـدًا مَـنْ أَحْصَـاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ) البخاري

واتە : خوا نۆهەدو نۆ ناوی هەیە، سەد کـەم یـەك، ئـەوەی لەبەریان بکا و کاریان پێ بکا دەچێتە بەهەشت.

Scanned by CamScanner

ناوه هەره جوانەکانی خوا

الرحمن: بەخشندەو میهرەبانە

الرحیم: بەبەزەیی و بەسۆزە

الملك: سەرۆك و پادشای هەموو شتێکە

القدوس: پاك و بیگەردە

السلام: بێ عەیبەو بلاّوکەرەوەی ئاشتییە

المؤمن: ئەمانی بە دروستکراوەکانی داوە

المهیمن: ئاگادارو چاودێرە بەسەر دروستکراوەکانی

العزیز: زاڵ و دەسەلاّتدارو بە عیزەتە

الجبار: ناچارکەرو بەدەسەلاّتە

المتکبر: خۆبەگەورەزان و تاك و تەنیایە

الخالق: بەدیهێنەرە لەنەبوونەوە هێناویەتیە بوون

البارئ: دروستی کردووەو بنیاتی ناوە

المصور: وێنەی کێشاوە بەجوانترین شێوە

الغفار: لێبوردەیە بەرامبەر بە هەموو کەس

القهار: هەموو شتێك ملکەچە لەژێر دەسەلاّتی ئەو

Scanned by CamScanner

الــوهــاب: دەبەخشی بەهەموو کەس

الـــرزاق: رۆزی دەری هەموو دروستکراوەکانە

الفـتــاح : دەرووکەرەوەیە کە هەموو دەروویەك دەکاتەوە

العـلـيـم: زاناو ئاگادارە بە هەموو بوونەوەر

القابــض: بیەوێت هەر شتێك بگرێتەوە دەیگرێتەوە

الباســط: لەدوودەرو فراوانکەرە

الخـافـض: دانەوێن و نەوی کەرە

الـرافـــع: بڵندکەرو بەرزکەرەوەیە

الــمــعـزّ: عیزەت بەخشە

الــمــذل: زەبونکەرو ملکەچپێکەرە

السميع: بیسەرە بەهەموو شتێك

البصـيـر: بینەرە بە هەموو شتێك

الحكـــم: فەرمانڕەواو حوکمڕانە

الـعـدل: دادپەروەرە لە هەموو شتێکدا

اللطيف: چاکەکاری و وردبین و بەزەییە

الخـبـير: زاناو شارەزایە بە هەموو شتێکی پەنهان

الحليـم: ئارامگرە پەلە ناکات لە تۆڵە سەندنەوە

Scanned by CamScanner

العظيم: گەورەو بەدەسەلأت و شکۆیە

الغفور: لێبوردەو گوناه پۆشە

الشكور: کردەوەی بەندەکانی وەردەگرێت

العلی: بەرزو بەدەسەلأتە

الكبیر: گەورەو، بێ کۆتا لە گەورەییدا

المقیت: بەدیهێنەری خۆراکە

الحسیب: لێپرسەرەوەیە

الجلیل: سیفەت بەرزو پایە بەرزە

الكریم: بەرێزە شایستەی سوپاس و رێزە

الرقیب: چاودێری هەموو شتێکە

المجیب: وەلأمگۆیە

الواسع: فراوانی و بلأوە

الحكیم: کاربەجێ و داناو لێ زانە

الودود: بەندەو دۆست و خۆش ویستراوە

المجید: پایەبەرزو رێزدارو بەتوانایە

الباعث: زیندووکەرەوەیە

الشهید: ئاگادارە بە هەموو شتێک

Scanned by CamScanner

الحق: ڕاست و ڕەوایە

الوكيل: شیاوی پشت پێ بەستنە

القوى: بەتواناو بەلگەیە لەسەر قودرەت

المتين: بەلگەیە لەسەر هێزو قوەت

الولي: دۆستو خۆشەویستی بڕوادارانە

الحميد: سوپاسکراو و شایستەی سوپاسە

المحصي: ژمێرەرە

المبدئ: پەیداکەرە

المعيد: گێڕەرەوەو زیندوکەرەوەیە

المحي: ژیێنەرە بۆ هەموو شتێك

المميت: مرێنەرە

الحي: زیندووە

القيوم: ڕاوەستاوە

الواجد: هەبووە

الماجد: خاوەن پای بەرزە

الواحد: یەك

الصمد: جێ ی نیازو ئومیدە

Scanned by CamScanner

القـــادر: تواناداروبەهێزە

الـمقتدر: خاوەن سەرچاوەی توانایە

الـمقدم: پێشخەرە

الـمؤخر: دواخەرە

الأول: یەکەمەو پێش هەموو شتێ هەبووە

الآخـــر: دواهەمینەو کۆتایی نایەت

الظاهـر: دەسەڵاتدارو بڵندو ئاشکرایە

البــاطـن: بە پەنهان و نادیارەکانە

الـوالـی: سەرپەرشتیکارە

الـمتعالی: زۆربەرزو خۆبەرزگرە

البـــرّ: چاکەکاری ڕاستەقینە

التـــواب: تۆبە وەرگرە

الـمنتقم: تۆڵە سێنەوەیە

العفـــو: چاوپۆش کەرە

الـــرؤوف: میهرەبانە

مالك الـملك: خاوەن سامانە

ذوالـجلال و الإكرام: خاوەن شکۆو ڕێزە

Scanned by CamScanner

المقسط: دادپەروەرە

الجامع: کۆکەرەوەیە

الغنی: دەوڵەمەندەو پێویستی بەکەس نیە

المغنی: دەوڵەمەندکەرو بێ نیازکەرە

المانع: بەرگرو پشتگیریکارە

الضارّ: زیان گەیێنە

النافع: سودگەیێنە

النور: ڕوناکی یە بۆ هەموو شتێك

الهادی: ڕێ نیشاندەری دروستکراوەکانییەتی

البدیع: داهێنەرە

الباقی: هەرماوە

الوارث: میراتگری هەموو شتێکە

الرشید: کارزان و شارەزاکەرە

الصبور: ئارامگرە

Scanned by CamScanner

کورتە نامەیەک لە ژیانی سەروەرو پێشەوامان موحەممەد ﷺ

ناوی تەواوی : محمد ﷺ کوڕی عەبدوڵلاّ کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشمی قوڕەیشییە لە بنەماڵەی هاشمە بە چەندین پشت دەچێتەوە سەر گەورەمان ئیبڕاهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت)، هاشم یەکێکە لە باپیرانی موحەممەد ﷺ کە هەر لەدێر زەمانەوە زێوانی کەعبەی پیرۆزی بەدەست بووە.

دایکی : دایکی پێغەمبەرمان ﷺ ئامینەی کچی وەهبەی کوڕی عەبدولمەنافی کوڕی زەهرەی کوڕی قوسەی کوڕی کیلابە، لەگەڵ باوکیدا لەکیلابەدا یەك دەگرنەوە.

ڕۆژی لەدایك بوونی: پێغەمبەرمان ﷺ ڕۆژی دووشەممە لە (٩ یان ١٢) ڕەبیعی یەکەمی ساڵێك کە بە (ساڵی فیل) ناسراوە، بەرامبەر بە (٥٧١/٤/٢٢) زایینی

Scanned by CamScanner

له بنەماڵەی بەنی هاشم لە مەککەی پیرۆز لە دایك بووە. پێش لە دایك بوونی باوکی کۆچی دوایی دەکات و باپیری ناوی لێ دەنێت موحەممەدﷺ .

گەورەبوونی و تەمەنی هەرزەکاری :

موحەممەد ﷺ بە منداڵی درا بە دایەنێك بەناوی (حەلیمەی کچی زوئەیب) لە نەوەی بەنی سەعد، بۆ ئەوەی لە ژینگەی پاکی لادێ گەورە بێت. موحەممەد ﷺ هێشتا منداڵ دەبێت و لە تەمەنی شەش ساڵیدا تاقە ئومێدەکەی واتە خاتوو ئامینەی دایکی کۆچی دوایی دەکات و پاشان عەبدولموتەلیبی باپیری ئەرکی بەخێوکردنی ئەم منداڵەی دەکەوێتە ئەستۆ کە جیهان چاوەڕێیەتی، لە تەمەنی هەشت ساڵیدا عەبدولموتەلیبی باپیریشی کۆچی دوایی دەکات ، و سەرپەرشتی کردنی ئەم منداڵە بێ نازە، دەکەوێتە دەست ئەبوتالیبی مامی

Scanned by CamScanner

و بــۆ مــاوەی چــل ســاڵ وەك منداڵــەكانی خــۆی سەرپەرشـتی دەكـات. خۆشەویـستمان هێشـتا تەمـەنی پانزە ساڵ دەبێت پاش شەڕی (فوججار) بەشـداری كـرد لـە پەیمانێكـدا كـە بـە پـەیمانی (فچـول) ناسـراوەو لـە نێـوان خێڵـەكانی قـورەیش بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش و ئەمنیەتی شاری مەككە بەسترا، لـە تەمـەنی بیست بۆ بیسـتو پێـنج سـاڵیدا دەبێتــە بازرگــان لای خــاتوو خەدیجـە، دەسـت پـاكی و لێزانـی موحەممـەد ﷺ بـە تــەواوی خــاتوو خەدیجـە سەرسـام دەكـات و سـەرنجی ڕادەكێشێت.

بۆیــە لەڕێگــەی نەفیســە (كــە دەســتە خوشــكی خەدیجـە)بوو داوای ئـەوەی لێ دەكـات كـە مـارەی بكـات بەم جۆرە موحەممەد ﷺلە تەمەنی (٢٥) سـاڵ لەگـەڵ خــاتوو خەدیجــەدا ژیــانی هاوســەریان گوزەرانــد وەك نمونەترینی خێزانە بەختەوەرەكانی جیهان.

Scanned by CamScanner

(دەرکەوتنی چرای ژیان و هاتنە خوارەوەی وەحی)

کاتێك تەمەنی موحەممەد ﷺ لە تەمەنی (٤٠)ساڵی نزیك دەبێتەوە بۆ ماوەیەك لە ئەشکەوتی (حیراء)دا خەریکی پەرستش‌و عیبادەت دەبێت تا ئەوە بوو لە تەمەنی چل ساڵیدا، خوای گەورە لە ڕێگەی جوبرەئیلەوە (فریشتەی وەحی)قورئانی بۆ دەنێرێتە خوارەوەو دەرگای ڕوناکی بەڕووی تاریکییەکانی ژیاندا دەکرێتەوە.

(یەکەمین ووشە یەکەمین ئاوازی ڕزگاربوون)

فریشتەی نێردراو لەلایەن خوای گەورەوە (جوبرەئیل) بە موحەممەدی نەخوێندەوار دەڵێ بخوێنە ئەویش دەڵێ من خوێندەوار نیم، بخوێنە، من خوێندەوار نیم: بسم الله الرحمن الرحيم (اقرأ باسم ربك الذي خلق) بەم جۆرە ئەم وشە پیرۆزە (اقرأ) دەبێتە یەکەمین

Scanned by CamScanner

ئـاوازی ڕزگـاربوونی مرۆڤـەکان لـە دەسـت جـەهل‌و نەزانی تاریکیـەکان، دەبێتـە سـەرەتای دابـەزینی نیگای خـوایی و نیشـانەکانی پێغەمبەرایـەتی تێـدا دەدرەوشێنەوە.

پاش گەڕانەوەی لە ئەشکەوت‌و دابەزینی نیگا (وەحـی) بۆ موحەممەد ﷺ و بـوونی بـە پێغەمبـەر، خەدیجەو عەلی و زەیدو ئەبوبـەکر (خوایـان لێ ڕازی بێـت) بـاوەڕ بە پەیامەکەی دێنن و دەبنە سەرەتاکانی ئەو کاروانەی کـە تـا ڕۆژی دوایـی بەردەوامـە لـەو کاتەشـەوە کەوتـە بانگەواز کردنـی خـەڵك و لـەناوبردنی زوڵـم و ستەم و بانگکردنی خەڵکی بۆ ڕێگایی هیدایـەت و پشت کردنـە ڕێگاکـانی بـت پەرسـتی و ئـارەزوو پەرسـتی و مـرۆڤ پەرسـتی. لەسـەرەتایی بانگـەوازەوە قورەیشـیەکان بـە تـەواوەتی کەوتنـە پـیلان گێـڕان و ئـاژاوە نانـەوەو ڕێگەگرتن لە موحەممەد ﷺ و هاوەڵانی تاکار گەیشتە ئەوەی ئـەنجومنێك پێـك بهێـنن بـۆ ئـەوەی نەیـەڵن لە

Scanned by CamScanner

مەوسیمی حەجدا ئەو خەڵکانەی لە دەرەوەی مەککەوە دەهاتن بۆ بەجێهێنانی حەج گوێ لە موحەممەد ﷺ بگرن بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەراتیدا فەرمانی کرد بە کۆچی یەکەمی هاوەڵان کە پێکهات بوون لە (١٢ پیاو و ٤) ئافرەت بە سەرۆکایەتی عوسمانی کوڕی عەفان (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆ وولاتی (حەبەشە) بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو چەوساندنەوەیەی مسوڵمانان کە لەلایەن قورەیشیەکانەوە تووشی بوو بوون.

(دروست کردنی مزگەوت یەکەمین کاری پێغەمبەرمانە)

لەگەڵ گەیشتنی بە مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم کاری ، دروست کردنی مزگەوتی (قوبا) بوو. پێغەمبەری خۆشەویست وەك مرۆڤێکی خاکی و ئاسایی و وەك هەر تاکێکی ئەم کۆمەلگە نوێیە بەشداری کرد لەدروست کردنی مزگەوتەکەدا و

Scanned by CamScanner

بەدەستی پیرۆزی خۆی دیوارەکانی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا هەڵچنی.

(پێغەمبەری خۆشەویستت ﷺ بناسە)

شێوەی ڕوخساری: پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی مام ناوەند بوو، نە زۆر درێژو نە زۆر کورت، نە ئەسمەڕو نە سپییەکی زۆر، قژی سەری نە لوولێکی کرژو نە خاوێکی تەواو خاویش بوو، قژی درێژ بوو بووەوە بۆ سەرشانی، ئەنەس دەڵێت: دەستم لە هیچ ئاوریشمێك نەداوە هێندەی لە پی دەستی پێغەمبەر ﷺ نەرم و شل بووبێت.

دەم و چاوی خڕو سپی و مەیلەو سوور بوو، گلێنەی چاوەکانی زۆر ڕەش بوو، پەنجەکانی ئەستوور و ناوچاوانی پان و ڕیش زبرو ڕوومەتەکانی تەخت بوو، سنگی پان و ڕیشی زبرو ڕوومەتەکانی تەخت بوو، سنگی پان و قۆڵەکانی تووکن، ومەچەکی درێژ بووە.

Scanned by CamScanner

(هاوسەرەکانی)

١- **خەدیجەی کچی خوەیلید** (خوا لێی ڕازی بێت): لە پێش پێغەمبەر ﷺ دوو شووی تری کردبوو، وە یەکەم کەس بوو کە مسوڵمان بوو، خوا سلاّوی بۆ ناردوە لە ڕێگەی جوبرەئیلەوە، وە پێغەمبەر ﷺ هەتا وەفاتی نەکرد ژنی تری بەسەردا نەهێناوە.

٢- **عائیشەی کچی ئەبوبەکری صدیق** (خوالێی ڕازی بێ): پێغەمبەر ﷺ دووجار لە خەویدا بینیویەتی پێش ئەوەی بیخوازێت ، خاتوو عائیشە دەڵێت: فەزڵی زیاترم لە خێزانەکانی تری پێغەمبەر ﷺ هەیە، لە دەشتدا: جگە لەو هیچ کام لە خێزانەکانی بە کچی نەهێناوە، هیچ ئافرەتێکی نیکاح نەبڕیوە کە هەردوو دایکی و باوکی باوەڕدار و کۆچبەربن جگە لە ئەو.

٣- **حەفصەی کچی عومەر کوڕی خەتاب** (خوا لێی ڕازی بێ): باوکی دای بە گوێی ئەبوبەکر دا تا بیخوازێت ئەویش وەڵامی ناداتەوە پاشان دەیدات بە گوێی

Scanned by CamScanner

عوسماندا تـا بیخوازێـت ئـەویش وەڵامـی ناداتـەوە دوای چـەند شــەوێك دواتــر پێغەمبــەر ﷺ دەیخوازێــت. ئەبوبـەکر بـە عومـەر دەڵێـت: هـیچ شـتێك ڕێگـەی لێ نەگرتم لە خواستنی جگە لـەوەی پێغەمبـەرﷺ باسـی کردبـوو، وە هـیچ کـاتێکیش نهێنـی پێغەمبـەری خـوام ئاشکرا نەکردووە.

٤- **ئوم سەلەمە "عـاتیکەی کچی عــامر"** (خـوا لێـی ڕازی بێ): یەکەم ژنـی کۆچبەر بـوو هاوسـەرەکەی کـە نـاوی (ابـو سـلمە) بـوو کۆچـی دوای کـرد ، دوای وەفـاتی (ابـو سلمە) پێغەمبەر ﷺ هێنای.

٥- **زەینەبی کچی جەحش** (خـوا لێـی ڕازی بـێ): تەمـەنی ٣٥ سـاڵ بـوو کـە پێغەمبـەر ﷺ خواسـتی لـە سـاڵی ٣ی هیجـری پێغەمبـەر ﷺ خواسـتی لـە سـاڵی ٣ی هیجـری پێغەمبەر ﷺ پێش خواسـتنی ئیسـتخارەی بـەخواکرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندە خـوارەوە: (وتخفـی فی نفسك ماله مبر...).

Scanned by CamScanner

واتە: شتێك لە دڵو دەروونی خۆتا دەشارێتەوە کە خوا دەیەوێت ئاشکرای بکات.

٦- **ئوم حەبیبە "صەفیەی کچی ئەبی عاصی"** (خوا لێی ڕازی بێ): لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کۆچی کرد بۆ حەبەشە لەوێ پیاوەکەی بوو بە گاور و مرد، بۆیە لە حەبەشەدا پێغەمبەر ﷺ خواستی و هێنای، نەجاشی لەجیاتی پێغەمبەر ﷺ (٤٠٠) دیناری مارەیی پێدا، نەجاشی لە ساڵی (٩) ی هیجری لەگەڵ (شرحبیل)دا ناردیەوە، لە ساڵی (٤٤) ی هیجریدا کۆچی دوایی کرد.

٧- **مەیمونەی کچی حارس** (خوا لێی ڕازی بێ : خۆی بەخشی بە پێغەمبەر ﷺ خوای گەورە دەفەرموویت:

(وَامْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ۗ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (الأحزاب: ٥٠)

Scanned by CamScanner

پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە عەمرەی بەست لە مەککە هێنای، لە ساڵی (٦٠) ی هیجریدا کۆچی دوایی کرد.

٨- **سەودەی کچی زەمعە** (خوا لێی ڕازی بێ) : پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی (١٠)ی هیجریدا هێنای وە کاتێ کە پیر بوو سرەی خۆی بەخشی بە عائیشە. لە کۆتایی خەلافەتی حەزرەتی عومەردا کۆچی دوایی کرد.

٩- **زەینەبی کچی خوزەیمە** (خوا لێی ڕازی بێ) : بەدایکی هەژاران ناو دەبرا چونکە زۆرجار خواردنی دەدا بە هەژاران بۆ ماوەی هەشت مانگ خێزانی پێغەمبەر بوو پاشان کۆچی دوایی کرد کە هێشتا پێغەمبەری خوا لە ژیاندا بوو.

١٠- **جویرییەی کچی حارس** (خوا لێی ڕازی بێ): دوای ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ ئازادی کرد هێنای، چونکە لە بەندەکانی بەنی (المصگلق) بوو، بەهۆی ئەوەوە بوو (١٠٠) کەس لە کەس و کاری بەنی (المگلق) ئازاد کران

Scanned by CamScanner

بۆیە گەورەترین خێرو بەرەکەت بوو بۆ خێڵەکەی، لە ساڵی (٥٠) ی هیجریدا کۆچی دوایی کردوە.

١١- **صەفیەی کچی حیی** (خوا لێی ڕازی بێ) : باوکی صەفییە گەورەی بەنی نەزیر بوو، خوای گەورە ئازادکردنەکەی کردە مارەییەکەی، جارێکیان کە، پێغەمبەر ﷺ دەچێتە لای دەیبینێت دەگری و دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ حەفصەو عائیشە پێم دەڵێن ئێمە لە تۆ چاکترین، ئێمە ئامۆزای پێغەمبەری خواین، پێغەمبەر ﷺ پێی دەڵێت بۆچی پێیان ناڵێت چۆن چۆنی ئێوە لەمن چاکترن، کە باوکم (ها ون)ە و مامیشم (موسای)ە و هاوسەرەکەشم (موحەمەدە)، لە ساڵی ٥٠ ی هیجریدا کۆچی دوایی کردووە.

(منداڵەکانی): یەکەم منداڵی (قاسم) بوو. پاش ئەویش (زەینەب)، پاشان (رووقیە)، پاشان (فاتیمە) و دواتر (ئوم کەلسوم) ئەمانە پێش هاتنی ئیسلام لەدایک

Scanned by CamScanner

بوون، لەگەڵ هاتنی ئیسلامیشدا (عەبدوڵڵا) لە دایك بووە، دایکی هەمووشیان خەدیجە بووە.

یەکەم کوڕیشی کە مرد (قاسم) بوو، دواتریش (عەبدوڵڵا) پاشان لە ماریای (قیبتی) خوا ئیبڕاهیمی پێ بەخشی دواتر لە تەمەنی شانزە مانگی دا وەفاتی کرد.

موعجیزەکانی: (قورئان، شەو ڕەوی و بڵندبوونەوە،ناڵەی کۆتەرە دار خورماکە، هەڵقوڵانی ئاو لەنێو پەنجەکانیەوە، هەواڵی شتە پەنهانەکان، سڵاوکردنی دار و درەخت لێی، هەواڵی دوارۆژ، لەت بوونی مانگ، خواردنی پڕ بەرەکەت، چارەسەر بە دەست لێدان و نزا، گیرابوونی نزا، بەشداریکردنی فریشتەکان لەگەڵی لە جەنگدا).

Scanned by CamScanner

باوەڕهێنان بە پێغەمبەر ﷺ و پاداشتی خۆشویستنی :

پێویست بوونی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَ مُسْلِمٌ

واتە :(کەستان باوەڕی دامەزراوی نیە هەتا منی لە منداڵەکانی و لە دایك و باوکی و لە هەموو خەڵکیش خۆشتر نەوێت.

هەروەها فەرموویەتی: (كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى) قَالُوا: وَمَنْ يَأْبَى؟ قَالَ: مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى) البخاري

واتە : هەموو ئومەتم دەچنە بەهەشت ، مەگەر کەسێك نێیەوێ ، گوتیان کێ نایەوێ ، فەرمووی ئەوەی

Scanned by CamScanner

گوێرایەڵم بۆ دەچێتە بەهەشت ، ئەوەی گوێرایەڵم نەبێ دەچێتە ئاگر.

وەهەروەها فەرموویەتی (ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ تُوقَدَ له نار فيُقذف فيها) ابن حبان قال الالباني صحيح

(سێ شت هەن لە هەر کەسدا هەبن شیرینی ئیمان دەچێژێت، یەکەمیان ئەوەیە کە خواو پێغەمبەر ﷺ ی لە هەموو کەسی خۆشتر بوێت...)

Scanned by CamScanner

سلاّوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

١- واتـای سـلاّوات دان: مەبەسـت لـە سـلاّوات دان لەسـەر پێغەمبەر ﷺ بـارینی ڕەحمـەت و ڕەزامەنـدی ستایش کردنـی خوایـە لـەلای فریشـتەکان، وە نـزاو پاڕانـەوەی فریشـتەکانەو داواکردنـــی لێ خۆشـــبوونە بـــۆی لـــەلای پەروەردگاریانو ، لەلایەن ئوممەتەوە قـەدرو ڕێزگـرتن لێی و داواکردنی پلەو پایەی بڵنـدو داوای لێخۆشـبوونە بۆی.

٢- چۆنیەتی سلاّوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ :

باشترین سەلاّوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ ئەمەیە:

(اللَّهُمَّ صل على مُحَمَّد و على آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَآلِ إِبْـرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَآلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ). واتــە: خودایــە بڕژێنــە میهرەبــانی و

Scanned by CamScanner

ڕەحمەت بۆ سەر (محمد) و کەس و کاری محمد وەك ئەو میهرەبانی و ڕەحمەتەی کە ڕژاندوتە بەسەر ئیبڕاهیم‌و کەس‌وکاری ئیبڕاهیم، بەڕاستی تۆ شایستەی هەموو سوپاس و ستایشێکیت.

٣- کاتەکانی سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ :

لە شەو و ڕۆژی هەینیداو، لە بەیانیان‌و ئێوارانـدا، لەکاتی چوونە مزگەوت، لەسەر گۆڕی پێغەمبەر ﷺ ، لەکاتی وەڵامدانەوەی بانگدەر لەسەرەتاو کۆتایی نزاو پاڕانەوەدا، لە کاتی تەواوبوونی تەلبیەکردن، لەکاتی یادکردنەوەو ناوهێنانی، لەکاتی هەستان لە خەودا، وە لە کاتی خەتم کردنی قوڕئانـدا، لەکاتی غەم و ناڕەحەتیەکانداو داوای لێخۆشبوون، لەکاتی گەیاندنی زانست بە خەڵکی، لەکاتی ئامۆژگاری کردن و وانە وتنەوەدا، لەکاتی خواستنی ئافرەت بۆ نیکاح‌و لە

Scanned by CamScanner

هەموو ئـەو شـوێن و كـۆڕو كۆبوونەوانـەدا كـە بـۆ يـادو زیكرى خوا دەبەسترێت.

٤- پاداشـــتى ئـــەو كەســـەى كـــە ســـڵاوات دەدات لەســـەر پێغەمبەر ﷺ :

١- پێغەمبــەر ﷺ فەرموويــەتى: (مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً وَاحِدَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرَ صَلَوَاتٍ، وَحَطَّ عَنْهُ بِهَا عَشْرَ سَيِّئَاتٍ، وَرَفَعَهُ بِهَا عَشْرَ دَرَجَاتٍ) الادب المفـرد قـال الالبانى صحيح

هەر كەسێك سڵاواتێكم لەسەر بدات ئەوا خـواى گـەورە دە سڵاواتى لەسەر دەدات و لە دە هەڵەى خۆش دەبێـت و دە پلە بەرزى دەكاتەوە.

٢- پێغەمبــەر ﷺ فەرموويــەتى هــەر كەســێ كــە ڕۆژ دەكاتەوە دە سڵاواتم لەسەر بـدات و كـاتێكيش كـە شـەو دەكاتــەوە دە ســەڵاواتم لەســەر بــدات ئــەوە لــە ڕۆژى قيامەتدا بەر شەفاعەتى من دەكەوێت.

Scanned by CamScanner

٣- لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: نزیکترین کەس لێمەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە سڵاواتی زیاترم لەسەر بدەن، هەروەها لە ئەسەریشدا هاتووە کە فەرموویەتی: لە ڕۆژی قیامەتیدا چەند دەستەو گروپەك دێنە لام کە بە زۆری سڵاوات دان لەسەرم دەیان ناسمەوە.

Scanned by CamScanner

گوڵزاری فەرموودە

لاوێتی لە چیدا بەسەر دەبەی

عەبـــدوڵڵای کـــوڕی مەســـعود ﵁ دەگێڕێتـــەوە کـــە پێغەمبەری ئازیز ﷺ مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا لەبـەردەم خـوای گـەورەدا نـاجوڵێ تـا پرسـیاری لـەبارەی پێـنج شـتەوە لێ نـەکرێت: تەمـەنی لەچـیدا بەسـەر بـرد؟ لاوێتی، لە چیدا پیری کرد؟ ماڵەکەی لە کوێ بەدەست هێناو لە چیدا خەرجی کرد؟ لەو زانستەی کە هەیبوو چ کردەوەیەکی پێ کرد؟

ئەمەش دەقەی فەرموودەکە (لَا تَزُولُ قَدَمُ ابْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عِنْدِ رَبِّهِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ خَمْسٍ، عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ، وَعَنْ شَبَابِهِ فِيمَ أَبْلَاهُ، وَمَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَ أَنْفَقَهُ، وَمَاذَا عَمِلَ فِيمَا عَلِمَ) سنن الترمذي قال الالباني حسن

Scanned by CamScanner

ڕێگای زانست، ڕێگای بەهەشتە :

ئـــەبو هـــوڕەیرە ﵁ دەگێڕێتـــەوە کـــە پێغەمبـــەری خۆشەویســت ﷺ فەرموویــەتی: هــەر کــەس ڕێگایــەك بگرێتــە بــەر بــۆ فێربــوونی زانســت، خــوای گــەورە ڕێــی چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.

(مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا سَلَكَ اللَّهُ بِهِ طَرِيقًا مِنْ طُرُقِ الْجنَّة...). أَخْرَجَهُ أَبُوْدَاوُدَ

گەڕان بەدوای زانستدا لەسەرکێ پێویستە :

ئەنـــەس ﵁ دەگێڕێتـــەوە پێغەمبـــەری ئـــازیزﷺ فەرموویـــەتی: (چـــوون و گـــەڕان بـــەدوای زانســـتو وەرگرتنـــی زانســـتدا پێویســـتە لەســـەر هـــەموو مسوڵمانێك).

ئەمەش دەقی فەرموودەکە (طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ) ابن ماجه قال الالباني صحيح

Scanned by CamScanner

سەروەرمان سڵاو لە منداڵان دەکات و سۆزو خۆشەویستیان پیشان دەدات

ئەنەسی کوڕی مالك ﵁ کە بەلای منداڵاندا تێپەڕی سەلامی لێ دەکردن‌و دەیفەرموو: (جارێکیان لەخزمەت پێغەمبەری ئازیزدا ﷺ بووم، بەلای کۆمەڵە منداڵێکدا تێپەڕی و سەلامی لێکردن).

کێیە سۆزو بەزەیی تیادا نیە؟

خاتوو عائیشە، دایکی بڕواداران (خوا لێی ڕازی بێ) دەفەرمووێت: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەتی پێغەمبەری ئازیز ﷺ عەرزی کرد: (ئێوە منداڵەکانتان ماچ دەکەن؟ ئێمە هەرگیز منداڵەکان ماچ ناکەین) پێغەمبەری ئازیز ﷺ فەرمووی: (من دەسەڵاتم چیە؟ کاتێك خوای گەورە سۆزو بەزەیی لە دڵی ئێوە دەرهێناوە).

Scanned by CamScanner

دونیاو بایەخی لای پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: (بەڕاستی دونیاو ماڵی دونیا میوەی سەوز دلگیرو شیرین و خۆشە، خوای گەورە ئێوەی کردووە بەجێگەدار تێیدا تا بزانێ کارو کردارتان چۆنە؟

کەس شانازی بەسەر کەسدا نەکات

عەیازی کوڕی حیار ﵁ دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: (خوای گەورە نیگای (وەحی) بۆ کردووم کە خاکی بن‌و خۆتان بەکەم بگرن، بەجۆرێك کە کەس شانازی بەسەر کەسەوە نەکات و کەس زۆرو ناهەقی لەکەس نەکات.

ئێوە لە ئادەمن، ئادەمیش لە خاك :

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ فەرموویەتی: (خوای گەورە شانازی بەکەس‌و کارو خۆ بەگەورە زانین و خۆ بە زیاتر لە خەڵکی زانینی لێ

لاداون، مـرۆڤ یـان بڕواداریکی لـەخوا ترسـە (کـە دەبێت خاکی و بێ فیزبێت) یان تاوانکارێکی سنور بەزێنـە (کـە سەر شۆڕی دیوانی خوایـە) و زەلیلی قیامەتـە، ئێوە لـە ئادەمن، ئادەمیش لە خۆڵە.

ئەمـەش دەقـەی فەرموودەکـە (إِنَّ اللّٰهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ أَذْهَبَ عَنْكُمْ عُبِّيَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ وَفَخْرَهَا بِالْآبَاءِ، مُؤْمِنٌ تَقِيٌّ، وَفَاجِرٌ شَقِيٌّ، النَّاسُ بَنُو آدَمَ وَآدَمُ مِنْ تُرَابٍ) احمد حسن

لێبوردن سەربەرزییە :

ئـەبو هـورەیرە ﵁ دەفـەرمووێ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی: (بەخشـین هـیچ کاتێـك سـەرمایە کـەم ناکاتـەوە، هـەر بەندەیـەك لێبوردنێـك بنوێنێت خـوای گـەورە زیـاتر سـەربەرزی دەکـاتو، هـەروەها هـەر کەسێکیش لەبـەر خـوا ملکەچی بنوێنێت خـوای گـەورە پلەو پایەی بەرز دەکاتـەوە).

Scanned by CamScanner

(مَنْ تَصَدَّقَ عَنْ جَسَدِهِ بِشَيْءٍ كَفَّرَ اللهُ تَعَالَى عَنْهُ بِقَدْرِ ذُنُوبِهِ) حَدِيثٌ صَحِيح

واته:: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك لە جەستەی خۆی چاکەیەك بکات، خێرو صەدەقەیەك بکات (واتە: برینداربکرێ، یان ئەزیەت بدرێو ئەویش ئەو کەسە عەفوو بکات) ئەوە خوای بەرز بە ئەندازەی ئەوە گوناهەکانی لێ دەسڕێتەوە.

ڕەوشتی ئیسلام شەرمو شکۆیە

زەیدی کوڕی ڕوکانە رضي الله عنه ئەفەرمووێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بۆ هەموو ئاینێك ڕەوشتێك هەیە، ڕەوشتی ئیسلام شەرمو شکۆیە).

ئەمەش دەقەی فەرموودەکە (لِكُلِّ دِينٍ خُلُقٌ، وَإِنَّ خُلُقَ الْإِسْلَامِ الْحَيَاءُ) ابن ماجه قال الالباني حسن

درەختێك بڕوێنە، واتە چاکەیەك بکە:

جابری کوڕی عەبدوڵلا رضي الله عنه دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (هەر مسوڵمانێ درەختێك بڕوێنێ،

Scanned by CamScanner

ئەوا ئەوەی لێی دەخورێ بۆی دەبێت بەخێر، ئەوەشی لێی بدزێت هەر بۆ دەبێت بەخێر، ئەوەشی پەلەوەرو باڵندە لێی بخوات هەر بۆ دەبێت بەخێر، هەر کەسێکیش لێی ببات هەر بۆی دەبێت بەخێر.

ئەمەش دەقەی فەرموودەکە (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَغْرِسُ غَرْسًا إِلَّا كَانَتْ لَهُ صَدَقَةٌ، وَمَا أُكِلَ مِنْهُ، وَمَا سُرِقَ مِنْهُ، وَمَا أَكَلَتِ الطَّيْرُ مِنْهُ، وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ مِنْهُ) التاريخ الكبير للبخاري صحيح لغيره

هاوڕێی وەك هاوڕێیەتی عەتر فرۆش وایە

ئەبو موسای ئەشعەری ﵁ دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی (نموونەی هاوڕێی چاك و هاوڕێ ی خراپ وەکو هەڵگری میسك و کوڕەی ئاسنگەر وایە، هەڵگری میسك یا بەشت دەدات یان لێی دەکڕیت یان بۆنێکی خۆش دێت بەسەرتا، کوڕەی ئاسنگەر یا

Scanned by CamScanner

جلــەکانت دەســوتێنێت یــان بــۆنێکی نــاخۆش دێــت بەسەرتا).

ئەمـەش دەقـەی فەرموودەکـە(مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَمَثَلُ جَلِيسِ السُّوءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا خَبِيثَةً) قال الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم : ٢٣٦٨ في صحيح الجامع

پێغەمبەر ﷺ بۆ ڕەحمەت و میهرەبانی نێردراوە

ئـەبو هـوڕەیرە رضي الله عنه دەڵـێ بـە پێغەمبـەر ﷺ وتـرا: ئـەی پێغەمبەری خوا دوعـا لـە موشـریکەکان بکـە. پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: (من بە نەفرینکار نەنێردراوم، بـەڵکو بـە ڕەحمەت و میهرەبانی نێردراوم).

ئەمەش دەقەی فەرموودەکە (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ادْعُ اللَّهَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ، قَالَ: (إِنِّي لَمْ أُبْعَثْ لَعَّانًا، وَلَكِنْ بُعِثْتُ رَحْمَةً) مسلم

Scanned by CamScanner

تروسکەیەک لە وتەکانی پێغەمبەر

* خـوداى خـۆم پـەروەردەى کـردووم، بۆیـە هێنـدە پەروەردەم جوانە.
* چاوەکانم خەویان پیادەکەوێت بەڵام دڵم هەمیشە بە ئاگایە.
* پەیامبـەران بـران، ئومەتـەکانیان جیـاوازن، بـەڵام هەموو خاوەنی یەك دینن.
* ڕووت وەرگێڕە بەرەو خـودا چـونکە حەقـە، دەسـتت بخـە نێـو دەسـتیەوە، چـونکە ئـەو باشـترین سەرکەوتوێنەرە.
* خودا سـزاى ئـەو کەسـانە دەدات کـە لـە دنیـادا سـزاى خەڵك دەدەن.
* مـن گـەورەى هـیچ کـەس نـیم، بـەڵکو بەنـدەو پەیامبەرێکی خودام.
* ئـەو کەسـەى سوپاسـی خـەڵکی نـەکات ، سوپاسـی خوداش ناکات.
* گەر من دادپەروەری بەرپا نەکەم کێ بەرپای بکات.

Scanned by CamScanner

لەبارەی موحەممەدەوە ﷺ ناودارانی جیهان چی دەڵێن :

١- **ماهاتما گاندی** (Mahatma Gandi) چالاکوانی بواری مافی نەتەوەکان و دژی توندو تیژی: (ویستم سیفەت و خەسڵەتەکانی خاوەنی دڵی ملیۆنەها، بۆیە بەتەواوەتی گەشتمە ئەو بڕوایەی کە شمشێر ئیسلامی نەگەیاندۆتە ئەم پایە بەرزە. بەڵکو سادەیی و وردبینی و ڕاستگۆیی لە بەڵێنو دڵسۆزیو ئازایەتی موحەممەد و بڕوای تەواوی بە پەروەردگار و بەرنامەکەی ئیسلامی گەیاندە ئەم بڵندییەی ئێستای).

٢- **لیف تۆڵستۆی**، ئەدیبی بەناوبانگی ڕوسی: (پەیام و بەرنامەکەی موحەممەد هەموو جیهان دەگرێتەوە، چونکە یەکانگیرە لەگەڵ ژیری و دانایی، ئەوەندە بەسە بۆ موحەممەد شانازی پێوە بکات کە نەتەوەیەکی ژێر دەستەو چنگ بەخوێنی لەژێر دێوەزمەی داب و

Scanned by CamScanner

نـەریتی دزێـو و ناشـرین ڕزگـار کـرد، لەبـەردەم ئـەم نەتەوەیەدا ڕێگای پێشکەوتن و سەربەرزی والاّ کرد).

٣- **بەرنارد شۆ** ئـەدیبی بـەناوبانگی بـەریتانی: (پیاوانی ئـاییني سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـەهۆی نـەزانی و دەمارگیرییانـەوە وێنەیـەکی تاریکیـان بـە موحەممـەد دابوو. بە دوژمنـی مەسـیحیەتیان دەناسـاند، بـەلاّم مـن لـەم پیـاوەم کۆڵیوەتـەوە زۆر پێـی سەرسـام بـووم، بـۆم دەرکەوت کـە دوژمنـی مەسـیحیەت نیـە، بـەڵکو دەبێـت بەڕزگارکەری مرۆڤایەتی ناو بنرێـت، پێم وایـە ئەگـەر کاروباری جیهانی ئەمڕۆی پێ بسپێرێ چارەی هـەموو گرفتـەکان دەکـات بـەجۆرێك ئاشـتی و ئاسـایش و ئاسودەیی بۆ مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە).

٤- **تۆماس کارلایل** بیرمەندی دیاری ئینگلیـزی: بـەزۆری ڕووی موحەممـەد بـە خەندەیـەکی ڕاسـت و لـە دڵـەوە سەرچاوەی گرتوو ڕووناك بوو، زیرەك و هۆشمەند بـوو، دلاوەرو جـوامێر بـوو، بـە سروشـت بـەرز بـوو، هـیچ

Scanned by CamScanner

قوتابخانەیەك پێی نەگەیاند، لە ژیندا کارەکانی بە تەنها لەم قولآیی بیابانەدا بەجێهێناوە. من موحەممەدم خۆشدەوێت، چونکە دوور بووە لە خۆسەلماندن و خۆنواندن، کاری ئەمرۆی نەدەخستە بەیانی.

٥- **واشنگتۆن ئیرفنج**: (هەڵسوکەوتی موحەممەد لە دوای ئازادکردنی مەککە، بەڵگەن کە ئەو پەیامبەرێکی نێردراو بووە، نەوەکو سەرکردەیەکی سەرکەوتوو لە جەنگ، چونکە بەخشندەییو هاوسۆزی خۆی بۆ هاوشارییەکانی دەرخست ئەگەر چی بەهێز بوو، بەڵام سەرکەوتنەکەی تاجدار کرد بە بەخشندەیی و لێبوردەیی.. لە دوای خۆی نە دینارێك نە درهەمێك یان کۆیلەیەکی بەجێنەهێشت، خودا لە دونیادا کلیلی گەنجینەکانی دونیاو دوارۆژی خستە بەردەستی ئەو گەنجینەی دوارۆژی هەڵبژارد).

Scanned by CamScanner

٦- **بوســــورث سميـــــث** (Bosworth Smith):

(موحەممــەد لەیــەك کاتــدا ســەرکردەیەکی سیاســی و پێشەوایەکی ئایینی بوو، فیـزو لـەخۆبایبوونی پیـاوانی ئـایینی پێـوە دیـار نـەبوو، هـەروەك لەشـکرو سـوپای قەیســەرەکانی نــەبوو، هــەروەها هێــزی نیزامــی و پاسەوانی تایبەتی و کۆشك و تەلار و داهاتی نـەبڕاوەی نەبوو).

٧-**لامــارتین** (Lamartine)، ئـەدیبی فەڕەنسی: (کێ دەتوانێت یـەکێك لـە ناودارەکـانی مێـژوو لـە بلیمەتیـدا لەگـەڵ موحەممــەد بــەراورد بکــات؟ بــەڵێ ئەمەیــە موحەممەد: فەیلەسوف، وتاربێـژ، یاسـادانەرو شـەڕکەر، دامەزرێنــەری بــیری یەکتاپەرســتی، بــە هــەموو پێودانگێــك دەمــەوێت بپرســم: کــەس هەیــە لــە موحەممەد گەورەتر؟)

Scanned by CamScanner

ناوی ئیمامه سه‌رمه‌زهه‌به‌كان

١- الامام ابو حنيفه (النعمان بن ثابت) لـه سـالّی (٦٩٩م) له دايك بووه، له سالّی (٧٦٧م) وه‌فاتی كردووه.

٢- الامام مالك بن انس له‌سالّی (٧١٥ م) له‌دايك بووه، لـه سالّی (٧٩٦ م) وه‌فاتی كردووه.

٣- الامام محمد بن ادريس الشافعی، له سـالّی (٧٦٦ م) لـه دايك بووه، له سالّی (٨٢٠ م) وه‌فاتی كردووه.

٤- الامام احمد بن حنبل، له‌سالّی (٧٨٠ م) له دايك بووه، له سالّی (٨٥٥ م) وه‌فاتی كردووه.

Scanned by CamScanner

سەرچاوەکان

- ژیانی پێغەمبەری مەزن ﷺ.
- نوقڵەی فەرموودەکانی موحەممەد ﷺ .
- پەیامی گەورە پیاوانی فەلسەفە.
- کەشکۆڵ

www.iqra.ahlamontada.com

Scanned by CamScanner

هو الله الذي لا إله إلا هو

الرحمن * الرحيم * الملك * القدوس * السلام *
المؤمن * المهيمن * العزيز * الجبار * المتكبر *
الخالق * البارئ * المصور * الغفار * القهار * الوهاب
* الرزاق * الفتاح * العليم * القابض * الباسط *
الخافض * الرافع * المعز * المذل * السميع * البصير
* الحكم * العدل * اللطيف * الخبير * الحليم *
العظيم * الغفور * الشكور * العلي * الكبير *
الحفيظ * المقيت * الحسيب * الجليل * الكريم *
الرقيب * المجيب * الواسع * الحكيم * الودود *
المجيد * الباعث * الشهيد * الحق * الوكيل * القوي
* المتين * الولي * الحميد * المحصي * المبدئ *
المعيد المحيي * المميت * الحي * القيوم * الواجد *
الماجد * الواحد * الأحد * الصمد * القادر *
المقتدر * المقدم * المؤخر * الأول * الآخر * الظاهر
* الباطن * الوالي * المتعالي * البر * التواب *
المنتقم * العفو * الرءوف * مالك الملك * ذو الجلال
والإكرام * المقسط * الجامع * الغني * المغني * المانع
* الضار * النافع * النور * الهادي * البديع * الباقي
* الوارث * الرشيد * الصبور.

Scanned by CamScanner